# شوێنەواری نوسراوی مەروانیەکان لەدیاربەکر

پ. هـ. د. طارق محمد أورحيم
بەشی مێژوو- کۆلێژی ئەدەبیات - زانکۆی سەلاحەددین- هەرێمی کوردستان / عیراق

**پوختە:**

مێژووی شاری دیاربەکر یان ئامەد و مێژووی خانەدانی مەروانی یان دۆستەکی لەسەرچاوەکانی مێژووی ئیسلامی و سەردەمی نوێ جێگەیەکی تایبەتی خۆی هەیە، واتە مێژوونووسان و گەریدەکانی قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی ئیسلامی یان رۆژهەلاتناسەکانی سەدەی نۆزدەو بیست یاخود مێژوونووسە لۆکاڵەکانی ناوچەکە گرنگی بەرچاویان بە مێژووی ئەم شارو خانەدانە داوە.شوێنەوارە نووسراوەکانی ئەم شارەش بەشێکی ئەم گرنگیدانەی بەرکەوتووە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا تیشک خراوەتە سەر ئەو نووسراو و نەقشە هەڵواسراوانەی لەسەردەمی خانەدانی مەروانیدا (٣٧٣-٤٨٩ك-٩٨٤-١٠٩٦ز) ئەنجامدراون. لە دوو تەوەرەدا باسەکە چارەسەرکراوە، لەیەکەم تەوەرەدا بەکورت و پوختی ناساندنێك گشتی کراوە بۆ هەردوو شاری دیاربەکرو خانەدانی فەرمانرەوای مەروانی. لەتەوەرەی دووەمیش ئەو نووسراوانەی دەگەرێنەوە بۆ سەردەمی خانەدانی مەروانی خوێنراوەتەوە.

لەئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوە روون دەبێتەوە کە مێژوونووسان و لێکۆڵەرانی ئەم بابەتە توانیویانە دەست لەسەر چواردە شوێنەواری سەردەمی خانەدانی مەروانی دابنێن. وە لەرێگەی ئەم نوسراوانەوە لە لایەك مێژووی شارستانی ئەم شارو خانەدانە مۆری مانەوەی لێدراوەو لە لایەکی دیکەش هونەری نوسین و ناوەرۆکی نوسینەکان بەشێکی هزرو رۆشنبیری ئەو سەردەمەمان پێ دەناسێنێت.

**پەیڤێن سەرەکی:** *دیاربەکر، خانەدانی مەروانی، شوێنەواری نووسراو، هونەری خەتی کوفی، هەرێمی جەزیرە.*



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## پێشەکی:

هەڵبەتە مێژووی شاری دیاربەکرو خانەدانی فەرمانڕوای مەروانی، سەرچاوە مێژووییە گشتیەکان باسیان لێوە کردوە،بەلاّم ئەم توێژینەوەیە زیاتر سوودی بینیوە لە کتێبەکەی مێژوونووس ئیبن ئەزرەقی فارقی (٥٧٢ك-١١٧٦ز.مردوە) و سەفەرنامەی ناسرخەسرەو (٤٨١ك-١٠٨٨ز.مردوە) و مێژوونووسانی نوێ و هاوچەرخی کورد، بەری هەموویان موحەممەد ئەمین زەکی بەگ و عەبدورەقیب یوسف. هەروەها توێژەر کەڵکی دیوە لەو سەرچاوانەی بەزمانی تورکی بلاّو بوونەتەوە، لەوانە دکتۆرانامەکەی رۆژهەلاّتناس تۆماس ریپەر کە بەری بیست ساڵ لەسەر دیاربەکرو خانەدانی مەروانی بەزمانی ئەڵمانی نووسیویەتی و دواتر بۆ زمانی تورکی وەگێردراوە.

بۆ دیاریکردن و خوێندنەوەی نووسراوەکان، توێژەرگەڕاوەتەوە بۆ ئەوەی رۆژهەلاّتناسی سویسری ماکس ڤان بەرشەم (١٨٦٣-١٩٢١) وهاورێکانی لەساڵی ١٩١٠ لەسەر ئامەد ئامەدەیان کرد، دوای ئەویش کەڵکی دیوە لە وەی ئەلبرت گابرێلی فەرەنسی (١٨٨٣-١٩٧٢)، کە لە ساڵی ١٩٣٢ ئامادەی کردوە، نە تەنها بۆ دیاربەکر بەڵکو بۆ هەموو شارو ناوچەکانی رۆژهەلاّتی تورکیا. لەهەمان کاتدا مێژوونوسی بەرەچەڵەك مەقدۆنی بەسری کۆنیار (١٨٩١-١٩٥٢) لە ساڵی ١٩٣٦ کتێبێکی لەسەر نووسراوەکانی دیاربەکر بلاّوکردۆتەوە، بۆ ئەم توێژینەوەیە سوودبەخش بوو.

سەرباری ئەو سەرچاوانە نوێیانەش کە لە ناو باسەکەدا ناویان دێت، توێژەر خۆی چوەتە بەردەم ئەو نووسینانەو وێنەی گرتونەتەوە، کە بەشێکی زۆریان تا ئێستاش بەئاسانی دەخوێندرێنەوە، بەشێکیشیان ئەگەر ئەو کارانەی پێشتر باسمان کردن نەبوایە ئەستەم بوو ئەمرۆ ناوەرۆکی ئەو نووسراوانەمان بخوێندایەتەوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# تەوەرەی یەکەم

## کورتەیەك لە مێژووی شاری دیاربەکرو خانەدانی مەروانی

لەم تەوەرەیەدا لەسەر دوو زاراوەی ناونیشانەکە دەوەستین و ناساندنیکی خێرای بۆ دەکەین، ئەو دووانەش شاری دیاربەکر و  خانەدانی مەروانیە.

### یەکەم: شاری دیاربەکر (ئامەد)

هەروەکو مێژوونووس ئەبولفیدای ئەیوبی (٧٣٢ك-١٣٣١ز. مردوە) دەڵێت:ئەم شارەیەکێکە لە شارەقایم و دژوارەکانی هەرێمی جەزیرەو شارێکی کۆنە دەکەوێتە بەشی خۆرئاوای ڕوباری دیجلە، شورەکەی لەبەردی رەش دروستکراوە و نەئاسن و نەئاگر کاری تێناکات. (ابوالفداء،١٨٤٠، ٢٨٧). بە ئامەدو قەرە ئامەدو دیاربەکر و دیارباکر ناوی دێت.(Gabriel,2014,91)

شارەزایانی مێژوو لەسەر مێژوویشاری دیاربەکر رای جیاوازیان هەیە کە سەرەتاکەی بۆ چ سەردەمێك دەگەرێتەوە، بەڵام لەسەر ئەوە کۆك و یەکدەنگن کەئیمپراتۆری بیزەنتی قوستەنتینیدووەم (٣٣٧-٣٦١ز) لەساڵی ٣٤٩ز. لەسەر گردەپانێکی تەنیشت رووباری دیجلە لە بەشی باکوری هەرێمی جەزیرە(میزۆپۆتامیا) شورەیەکی قایمی دروستکردوەبۆ ئەم شارە و ئەم دیوارە بەردینە بوە بەناسنامەی شارەکە، تا بەرلەهاتنی ئیسلام بۆ ناوچەکە بەئامەد ناوبانگی دەرکردوە.( Beysanoğlu,2003,110)

هۆکاری سەربازی رۆڵی لە دروستکردنی ئەم دیوارەدا دیوئیتر بەبەردەوام لە ململانێیسەربازیەکانی ئیمپراتۆریەتیبیزەنتی لە گەڵدەوڵەتی ساسانیئەم شارە تووشی زیان و وێرانکاری بوەتەوە. کاتێکیش سوپای ئیسلامیش هاتۆتەهەرێمی جەزیرەبە پێویستیان زانیوە دەست بەسەر ئەم شارە بەشورایەدا بگرن و پاش ئابلۆقەدانیلەساڵی ٦٣٩ ز لەسەردەمی خەلیفەی عومەری کوری خەتتاب کەوتۆتە دەستی موسڵمانەکان.جا دەمێك لە دەستی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

عەرەب و سەدەیەك لە دەستی كوردە مەروانیەكان و دواتریش كەوتۆتە دەست توركە سەلجوقیەكان.( Huart,1969,349 )(Ripper,2012,39-54

ئەوەی گرنگە لە دیاربەكرو جیاكەرەوەی سەرەكیەتی لەشارانی دیكەی هەرێمەكە ئەو شورەیە كە دەوری داوە كەهێندە قایم بنیات نراوە بە دووەم دیوار دێت دوای دیواری ولاتیچین. (یوسف،٢٠٠١، ٣٤٠) بەگشتی درێژایی دیوارەكەزیاترە لە پێنج هەزار مەتر، بەرزیەكەشی لە نێوان ٨ بۆ ١٢ مەترە و پانیشی نێوان ٣ بۆ ٥ مەترە. ئەو دیوارە قایم و موحكەمەی دەوری شاری داوەبە هەشتاو دوو بورج موحكەمتر بوە،كەبەرزیان دەگاتە بیست مەتر. ئەم شورەتەنها چوار دەرگایسەرەكی هەبوە ئەوانیش : لای رۆژهەلات دەرگای ئاو (یەنی قاپی). لە باكورەوە دەرگای چیا(داغ قاپی)یان بە (هاربوت قاپی) ناوی دێت، لەرۆژئاواشەوە دەرگای رۆم (ئۆرفە قاپی)، بەرووی باشوریشدا ماردین قاپی بنیات نراوە، لەلای رۆژهەلاتیشەوە روباری دیجلە لەهەرهێرشێك پاراستوویەتی.[٧](Tuncer,2013,21-59)

لە سەردەمە جیاوازەكانی مێژووی ئیسلامیدا دانیشتوانی شار بریتی بوون لەنەتەوەكانی سوریانی و ئەرمەنی و كوردو عەرەب و تورك، هەروەها لەشاردا پەیرەوانی ئاینی ئیسلام و كریستیان و جولەكە بەیەكەوە ژیاون و لە رووداوو چالاكی و پێشهاتەكاندا پێكەوە بوون و هاوكارییەكبوون.(Ripper,2012,323-380)(یوسف،٢٠٠١،١٣١-١٤٤)

شاری دیاربەكر لە قۆناغەكانی مێژووی ئیسلامیدا گەشەی كردووەو شارێك بوە زۆرێك لە گەریدەكانیرۆژهەلاتی و رۆژئاوایی سەردانیان كردوە. (Tuncer,2013,25) ئێمە لێرەدا وەسفیگەریدەیەك دەگوازینەوە كە لەسەردەمی حوكمڕانی مەروانیەكان سەردانی شارەكەی كردوە ئەویش گەریدەی فارسی ناسر خەسرەو(٤٨١ك/١٠٨٨زمردوە) كە لە كۆتایی سالی١٠٤٦ز هاتۆتە شارەكە و بەم جۆرەوەسفی شارەكەی تۆماركردوە:

((ئامەد لەسەر بەردێك دروستكراوە درێژیەكەی دووهەزار بالەو پانیەكەشی بە هەمان شێوە، بەشورەیەكی بەردرەش دەوردراوە هەربەردێكی كێشی لەنێوان سەد بۆ هەزار مەن دەبێت، زۆربەی بەردەكان پێكەوەن بێ هیچ قورو گەجێك، بەرزیشورەكە بیست بالاو پانیەكەشی دەبالَ دەبیت، لەنێوان هەرسەد بالَدا بورجێكی نیوبازنەیییەئەندازەی هەشتا بالَبیناكراوە، دەرچەی ناو دیوار هەرلەهەمان بەرد دروستكراوە، لەچەند شوێنیكی شاردا پلیكانەی بەردین بۆ ئاسانكاری چوونەسەر شورەكە دروستكراوە، لەسەرهەر بورجێك قەلایەك دروستكراوە ئەم شارە چوار دەرگای تەواو لەئاسن دروستكراوی هەیە هەریەكەیان لە لایەك دەڕوانێت دەرگای رۆژهەلات ناوی دەرگای دیجلەیە، بە رۆژئاوا دەوترێت دەرگای رۆم، باكور پێی دەوترێت دەرگای ئەرمەن باشوریش پێی دەوترێت دەرگای



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

گرد، لەدەرەوەی ئەم شورەش شورەیەکی تر هەیە لەهەمان بەرد، بەرزیەکەی دە باڵە لەسەر ئەو شورەیە باڵکۆنێك هەیە بەئەندازەی ئەوەی کەسێك بەتەواوی چەکەوەدەتوانێت راوەستێت و بجەنگێك تێیدا، ئەم شورەی دەرەوەش چەند دەرگایەکی ئاسنینی هەیە کە دوور و پێچەوانەن لە دەرگاکانی شورەی ناوەوە بەجۆێك ئەگەر کەسێك دەرگاییەکەمی دەربازکرد پێویستی بەکاتێك دەبێت تا بگاتە دەرگاکانی شورەی دووەم ئەو نێوانەش پازدە باڵ دەبیت)) (ناصر خسرو،٥٢،١٩٩٣-٥٣)

سەبارەت بە ناو شارەکەش دەڵێت: ((لەناوەراستی شارەکەدا لەناو بەردەوە کانیەك ئاوی بەخوڕی لێدەردەچێت کە هێندە زۆرە بەشی بەرێوەبردنی پێنج ئاش دەکات و ئاوێکی تا بڵێی سازگارە، کەس نازانێت ئەم ئاوە سەرچاوەکەی لە کوێیە. درەخت و باغی شارەکە بەم ئاوە ئاودێیری دەکرێت، میرو دادوری شارەکە کوڕی نەسروددەولەیە)). (هەمان سەرچاوە،٥٣،١٩٩٣)

ناسر خەسرەو سەرسامی خۆی بەرامبەر شاری ئامەد تۆماردەکات و دەبێژێت: (( لە زۆر لای جیهان شارو قەڵای زۆرم دیوە لە وڵاتی عەرەب و عەجەم و هیند و تورك، بەڵام قەد وێنەی ئامەدم لەسەر رووی زەوی نەدیوە، بەڵکو لەکەسێکیشم نەبیستوە وێنەی ئەم شارەی لەشوێنێکی دیکە بینیبێت)). (هەمان سەرچاوە،٥٢،١٩٩٣)

سەبارەت بەمزگەوتیمەزنی شارەکەش وەسفێکی وردی ناوەوەو دەرەوەی کردوە دواتریش وەسفی ئەو کەنیسەیە دەکات کە لەنزیك مزگەوتەکەوە بە زەخرەفەو بەردی جوان نەقش کراوە دەرگایەکی ئاسنی بەنەقشی تیادایە وێنەی ئەوەی لە جێگایەکی تر نەدیوە.(هەمان سەرچاوە،٥٣،١٩٩٣)

ئەمە وەسفی گەریدەیەکی رۆژهەڵاتیەبۆ شارەکەبەر لە نزیکەی هەزار ساڵ لە وسەردەمەی خانەدانی مەروانی حوکمرانی شارەکە بوون. هەڵبەتە گەریدەکان بەردەوام روویان لەم شارە کردوە، دواهەمینیان رۆژهەڵاتناس ئەلبرێت گابرێلی فەرەنسی یە کە لە ساڵی ١٩٣٢ز وێنەی شارو شوێنەوارە نوسراوەکانی بە زوومی کامێراکەی گرتوە، کە ئەم توێژینەوەیە لە تەوەرەی دوەمیدا سودی زۆری لێ بینیوە.

## دووەم: خانەدانی مەروانی (دۆستەکی)(٣٧٣-٤٨٩ك-٩٨٣-١٠٩٦ز)

گەر بەخێرایی ناساندنێك بکەین بۆ خانەدانی مەروانی کە لەسەدەی٤و ٥ك/ ١٠و ١١ز. لە بەشێکی هەرێمی جەزیرەدا میرنشینێکیان دامەزراند، کە سنورەکەی لە لای باشور گەیشتبوە باشوری شاری موسڵ لە رۆژهەڵات گەیشتە دەریاچەی وان و لە رۆژئاوا گەیشتە نزیك شاری ئۆرفە، پایتەختەکەی شاری فارقین (سیلڤان) بوو. هەر چەندە هەندێك



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

توێژەر بە میرنشینی (دۆستەکی) دەیناسێنێت (یوسف،٢٠٠١، ١٣). لەبەر ئەوەی (دۆستەك) ناوی باوکی دامەزرێنەری میرنشینەکەیە (باد کوری دۆستەك). بەڵام ئەم میرنشینە زیاتر بەمیرنشینی مەروانی ناسراوە، چونکەلە سەرچاوە رەسەنەکانی مێژووی ئیسلامیدا ناوی بە مەروانی دەرباز دەبێت. (فارقی،٢٠٠٧، ٢١)، (ابن الاثیر،١٩٧٧،ج٧، ٤٣٥) (ابو الفداء،د.ت،ج٢،١٢٦).

ئەگەر راوبۆچوون یەکنەبێت لە نێوان توێژەران لەسەر ناوی میرنشینەکە بەڵام تەواویمێژونووسان بۆ پەسن و پیاهەڵدان بۆ سەرکەوتووی حوکمڕانی ئەم بنەماڵەیەیەکدەنگن و هەموویان بەیەکێك لە سەرکەوتووترین میرنشینە کوردیەکانی سەردەمی عەباسیدەیناسێنن وەبەبەراورد بە سەرجەم میرنشینە کوردیەکانی تر کەمترین کێشەو ململانێی ناوخۆیی هەبووەو لەسەرجەم میرنشینەکانی تر زیاتر گرنگی بەبوارەکانی شارستانی داوە. (ئاکۆ بورهان محمد، ٢٠١٨، ١٠٥).

هۆکاری سەرەکی ئەم سەرکەوتن و پێشقەچوونەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو سیاسەتە ئاشتیخوازانەی میرانی مەروانی پەیرەویان کرد، ئەو ئاوەدانی و بنیاتنانەی لێکەوتەوە تا نزیکەی دوای هەزار ساڵتوێژەرێکی وەکعەبدورەقیب یوسف بەرگی دووەمی کتێبەکەی بۆ مێژووی شارستانی ئەم میرنشینە تەرخان بکات.

تەنانەت لە مژاری ئەم توێژینەوەشدا کە بریتییە لە شوێنەواری نووسراوی مەروانیەکان لە دیاربەکر پاش بەراورد کردن لە نێوان ژمارەی شوێنەواری نووسراوی ناو دیاربەکرلە هەموو سەردەمەکاندا مەروانیەکان لە هەموو حوکمرانەکانی پێش خۆیان و دوای خۆشیان ژمارەی شوێنەواری نووسراوی زیاتریان بەجێهێشتووە کە هەڵکۆڵراوە لە سەر شورەی دیاربەرکرو دیواری مزگەوت و لە لاپاڵی پردی سەر روباری دیجلە. کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەو بەشداریە شارستانیە دەوڵەمەندەی ئەم خانەدانە جێیان هێشتوە.(TUNCER,2013,158)

میرنشینی مەروانی لە ماوەی سەد ساڵی حوکمرانیاندا لە ناوچەکەدا شەش میر دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: میر باد عبدللە حوسەین کوری دۆستەك دامەزرێنەری میرنشینەکەیە حەوت ساڵ حوکمی کرد (٣٧٣-٣٨٠ك/٩٨٣-٩٩٠ز).(Zeki Beg, 2012, 326)

دووەم: دوای ئەو خوشکەزاکەیمیر ئەبو عەلی حەسەن کوری مەروان دێتە جێگەی خاڵیئەویش حەوت ساڵفەرمانرەوای بنەماڵەکە دەگرێتە دەست. (Zeki Beg, 2012, 327-328)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سێیەم: میر مومەهەد دەولەی شوێنی براکەی دەگرێتەوە و لە نێوان ساڵانی (٣٨٧-٤٠١ك/٩٩٧-١٠١١ز) دەسەڵاتی گرتە دەست. (فارقی،٢٠٠٧، ٣٥-٣٦)

چوارەم: میر نەسرودەولە ئەحمەد کوری مەروان بەهێزترین میری مەروانیەکان بوە لە هەموان زیاتر حوکمی کردوە لە نێوان ساڵانی (٤٠١-٤٥٣ك/١٠١١-١٠٦١ز) جێدەستی ئیداری و شارستانیو ئاوەدانی و بنیاتنانی لە هەموان زیاترە، بۆیە مێژوونووسان سەردەمی ئەم میرە بەسەردەمی زێرینی میرنشینیەکە دەبینن.(فارقی،٢٠٠٧، ٤٦-١٠٠) (خوجە، ٢٠١٢، ٣٧٢-٣٨٥)(ئاکۆ، ٢٠١٨،١٣٦-١٣٨).

پێنجەم: نەسردەولە دوای خۆی چل کوری جێهێشبوو، کورێکی ژیر و لێهاتوویی هەبوو ناسراو بەنیزامەددین یان نیزام دەولە، ئەو کورەی کردە جێنشینی خۆی نزیکەی بیست ساڵ حوکمداریخانەدانی مەروانی بوو.واتە لە نیوان ٤٥٣-٤٧٢ك/١٠٦١-١٠٨٠ز. (فارقی،٢٠٠٧، ١٠١-١١٤)

شەشەم: میر ناسردەولە هاتە جێگانیزام دەولەیباوکی لە سالی ٤٧٢ی کۆچی تا ٤٨٦ ك/١٠٩٦ز بەردەوام بوو. بەڵام بەهاتنی سەلجوقیەکان حوکمرانی مەروانیەکان کۆتایی دێت قۆناغێکی جیاواز لە مێژووی هەرێمی جەزیرەو شاری دیاربەکر دەست پێدەکات.(هەمان سەرچاوە،٢٠٠٧، ١١٥-١٣٤)

بە کورتی مێژووی حوکمڕانی و بەشداری شارستانی مەروانیەکان بوەتە جێگەی سەرنجی مێژوونووسان و توێژەرانی رۆژهەڵاتی رۆژئاوایی و چەند ماستەرنامەو تێزی دکتۆرا لەسەری نووسراوە. بۆیە خوێنەر دەتوانێت سوود لەو بەرهەمانە ببینێت[٨].



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

# تەوەرەی دووەم

## شوێنەواری نووسراوی مەروانیەکان

### یەکەم: ناوەرۆکی نوسراوەکان

شاری دیاربەکر مۆزەخانەیەکی کراوەیە نە تەنها بۆ تەلارو بینا مێژووییەکانی، بەڵکو بە نمایشگایەکی خەت خۆشی لەبەرد هەڵکۆڵراویش دادەنرێت. بەدرێژایی مێژوو حوکمڕانانی دیاربەکر چ کارێکی تەلارسازیان ئەنجام دابێت بەنەقشی بەرد چەند زانیاریەکیان لەسەر ئەو کارە نوسیوە. کە دەبێتە بەڵگەیەکی بەهێز لە سەر ئەو شوێنەوارە بەجێماوە. بە بێگومان دەزانرێت لە لایەن کێوە وە لە چساڵێکدا ئەو کارە ئەنجامدراوە.

شایانی ئاماژەپێکردنە ژمارەی شوێنەواری نوسراوی مەروانیەکان لە تەواوی حوکمڕانانی بەرو دوای خۆیان زیاترە. بەگشتی میرانی مەروانی لە ماوەی حوکمیاندا لە دیاربەکر جگە لە دروستکردنی پردی ناسراو بە (پردی دەچاو) و مزگەوتی مەروانیلە تەنیشت دەروازەی چیا،-کە ئەم دوو شوێنەوارە تا ئێستا ماون-هەستاون بە نۆژەن کردنەوەی بورجەکانی شورەی شارەکە. وە بەو نوسین و نەقشانەی هەڵیان کۆڵیوە مۆرو واژوویان لەسەر کارەکانیان کردوە. (PARLA,2016,151-157) لە راستیدا خانەدانی مەروانی بەرێوەبەرایەتیەکی تایبەتی دامەزراندبوو بۆ موحکەمکردن و نۆژەنکردنەوەی شورەو قەڵای شارەکانی ژێر دەستی بەتایبەت بۆ شاری فارقینی پایتەخت و شاری دیاربەکر. زۆربەی کاتیش ئەم ئەرکەیان سپاردوە بە کەسێکی شارەزا وەك بەرێوەبەری ئەوقاف یان دادوەری شار. (یوسف، ٢٠٠١، ٩٢-٩٣)

ئەم شوێنەوارانەی شار سەرنجی توێژەرانی دوورونزیکی راکێشاوە،رۆژهەلاتناسان لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا هاتون وێنەی ئەو نووسراوو شوێنەوارانەیان گرتووە، لەدیارترینیان رۆژهەلاتناس ماکس ڤان بەرشەم سالی ١٩١٠ رۆژهەلاتناس ئەلبریت گابریل سالی ١٩٣٢، بەسری کۆنیار ساڵی ١٩٣٦. لە ناوخۆی شارەکەشدا چەند توێژەرهەستاون بە شرۆڤەی ئەو نووسینانە[٩] ، لە ساڵی حەفتاکانی سەدەی رابردووش توێژەر عەبدورەقیب یوسف



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

له عێراقەوە چوە بۆ لێکۆڵین لەسەر مێژووی مەروانی و کارە شارستانیەکانیان لە ناوچەکەدا. توانیویەتی شوێنەواری نوسراوی سەردەمی مەروانیەکان دیاری بکات. (یوسف، ٢٠٠١،٣٤٣).

دوای سوود بینین لەو کارانەی پێشوو، سەرلەنوێ هەستاوین بە وێنەگرتنی ئەو نووسراو و هەڵکۆڵراوانە. لەم تەوەرەیەدا دانە دانەی ئەو نوسراوانە نمایش دەکەین شرۆڤەی پێویستی لەسەر دەکەین. وە بە گوێرەی مێژووی نووسراوەکان ریزبەندیمان بۆ کردون.

أ- دوای نۆژەنکردنەوەی دەروازەی چیا (داغ قاپی) لەسەردەمی میر ئەبو عەلی حەسەن کوری مەروان لەسالی ٣٨٦ك/٩٩٦ ز. لە دیوی دەرەوە، لەسەر دەرگای داغ قاپی بە خەتی کوفی ئەم دەستەوەژایە لەسەر بەردێکی سپی دەبینرێت. (پاشکۆی ژمارە سێ)

بسم الله الرحمن الرحيم ما أمر بعمله الأمير المنصور أبو علي الحسن بن مروان أعز الله نصره سنة ست و ثمانين و ثلاثمائة. (Gabriel,2014,255)

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان لە سالی ٣٨٦ك بە فەرمانی میری سەرکەوتوو (ئەبوعەلی حەسەن کوری مەروان) خودا سەرکەوتنی شکۆدار بکات بنیات نراوە.

ب- لەسەر بورجێکی کەوانەیی کە کەوتۆتە لای چەپی دەرگای ناسراو بە (چفت قاپی) شوێنەواری نووسراوێکی هەڵکۆڵراو دەبینرێت کە زۆربەی نووسینەکە نەماوە، تەنها ساڵی ٤٠٤ك لێ بەجێماوەو ئەوەش بەڵگەیە کە ئەم نووسینەش لە سەر ئەم بورجە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی میر نەسرودەولەیمەروانی. (یوسف،٣٥٠،٢٠٠١)

ج- لەسەر بورجی پەنجاو دوو لە تەنیشت بورجی کەچی لە دیوی ناوەوە بەخەتی کوفی ئەم دەستەواژەیە هەڵکۆڵراوە. کە بۆ ساڵی ٤٢٠ك/١٠٢٩ز دەگەرێتەوە.

بسم الله الرحمن الرحيم أمر بعمله مولانا الأمير السيد الأجل المؤيد المنصور عز الإسلام سعد الدين نصر الدولة و ركن الملة و مجد الأمة شرف الأمراء أبو نصر أحمد بن مروان شهور سنة و عشرين و أربعمائة و جرى ذلك على يدي عامله أبي طاهر بن كاغد بن سهل

Van Berchem,1910, p. 25-26, n. 9)؛.Gabriel,2014,255)؛(konyar,1936,225)

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان گەورەمان میری گەورەی پایە بلند و سەرکەوتوو هێزی ئیسلام (سعدالدین نصر الدوله ورکن المله ومجد الامه شرف الأمراء


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

أبو نصر أحمد کوری مەروان) له ساڵی چوار سەدو بیست کەلەسەر دەستی فەرمانبەرەکەی (ئەبوتاهیر کوری کاغەز کوری سەهل.

بەداخەوە ئەمڕۆ لەو نووسراوە تەنها پارچەیەکی کەمی ماوە، زۆربەی بەردەکانی کەوتوون، تەنها سێ بەردی ماون. (بڕوانە بەشی پاشکۆی وێنەکان ژمارە چوارەم)

د- له لای پێشەوەی بورجی ژمارە ٦٢بە خەتی کوفی ئەم دەستەواژەیە هەڵکوڵراوە له سەر بەردێکی سپی کە بۆ سالی ٤٢٦ك/١٠٣٤ز دەگەریتەوە: (پاشکۆ ژمارە نۆ)

بسم الله الرحمن الرحيم مما أمر بعمله الأمير السيد الأجل المؤيد المنصور عز الاسلام سعد الدين نصر الدولة ركن الملة مجد الأمة شرف الأمراء أبو نصر أحمد بن مروان أطال الله بقائه و أدام سلطانه شهور سنة ست و عشرين و أربعمائة وحسبى الله ونعم الوكيل. Van Berchem, 1910, p. 23-24, n. 8 ؛(Gabriel,2014,255)؛ konyar,1936,24

له ژێر رۆشنایی ئەم نووسراوە دەزانرێت کە ئەم بورجە له سەردەمی میر ئەبونەسر ئەحمەدی کوری مەروان له ساڵی چوار سەدو بیست و شەش دروستکراوە.

هـ- لەسەر بورجی شەست بەخەتی کوفی نووسراوێکی هەڵکۆڵراو لەبەرد دەبینین کە بۆ ساڵی ٤٣٧ك/١٠٤٥ز دەگەرێتەوە واتە سەردەمی میر نەسروددەولە ئەحمەدی کوری مەروان ئەم دەستەواژەیەی لەسەر هەڵکۆڵراوە: (پاشکۆ ژمارە هەشت)

بسم الله الرحمن الرحيم مما أمر بعمله و بنائه و الإنفاق عليه من ماله ابتغاء ثواب الله و طلب رحمته مولانا الأمير السيد الأجل المنصور عز الإسلام سعد الدين نصر الدولة و ركن الملة و مجد الأمة شرف الأمراء أبو نصر أحمد بن مروان في ولاية ولده الأمير سعد الدولة أبي الحسن محمد أطال الله بقائهما و أيد ملكهما و جرى ذلك على يدي القاضي أبي علي الحسن بن علي بن أحمد الآمدي سنة سبع و ثلاثين و أربعمائة و البناء نصير بن حبيب .

Van Berchem, 1910, p. 26-27, n. 10.؛(Gabriel,2014,255-256)؛konyar,1936,26

لەم نووسینەدا ناوی میر مەروانی ئەبو نەسر ئەحمەدی کوری مەروان و کورەکەی سەعددەولەئەبیلحسن کە والی شارە دیاربەکر بوە و دادوەری ئەو سەردەمەی دیاربەکر ئەبو عەلی ئامەدی و نەسیری کوری حەبیب وەستای بنیاتنەر دەرباز دەبێت. سەرباری پەسن و پیاهەڵدانی زۆری میری مەروانی.

و- لەسەر بورجی ژمارە پەنجاو پێنج بە خەتی کوفی ئەم نوسراوە هەڵکۆڵراوە دەبینرێت کە بو ساڵی ٤٤٤ك/١٠٥٢ز دەگەرێتەوە : (پاشکۆ ژمارە حەوت)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بسم الله الرحمن الرحيم مما أمر بعمله و بنائه و الإنفاق عليه من ماله  مولانا الأمير السيد الأجل المنصور عز الاسلام سعد الدين نصر الدولة و ركن الملة و مجد الأمة شرف الأمراء أبو نصر أحمد بن مروان أطال الله بقائه و أدام سلطانه و جرى ذلك يدي القاضي أبي علي الحسن بن علي بن أحمد الآمدي سنة أربع و أربعين وأربعمائة

Van Berchem, 1910, p. 28-29, n. 11.؛(Gabriel,2014,256)؛konyar,1936,28.

بەپێی ئەم نوسراوە ئەم بورجەش لەسەردەمی ئەبونەسر ئەحمەدی كوری مەروان لەساڵی چوارسەدو چل و چوار بە دەستی قازی ئەبو عەلی ئامەدی بنیات نراوە. هەر لەم نوسراوەدا پیاهەڵدانی زۆر نووسراوە بەسەر میری مەروانی بنیاتنەری بورجەكە.

ز- یەك لە شوێنەوارە بەجێماوەكانی خانەدانی مەروانی لە دیوی ناوەوەی دەروازی چیا (داغ قاپی) بە خەتی كوفی نوسراوێك دەبینین بۆ ساڵی ٤٤٧ك/١٠٥٦ز دەگەرێتەوە واتە سەردەمی نەسروددەولە ئەحمەدی كوری مەروان كە بریتیە لە ئایەتێكی قورئانی پیرۆز.

إنّمَا يَعْمُرُ مَسَاجِدَ اللهِ مَنْ آمَنَ بِاللّهِ وَ الْيَوْمِ الآخِرِ وَ أَقَامَ الْصَّلَوَةَ و آتَى الزَّكَوةَ وَلَمْ يَخْشَ إِلَّا اللّهَ فَعَسَى أُولَئِكَ أَن يَكُونُوا مِنَ الْمُهْتَدِينَ. (بروانە پاشكۆی ژمارە سێ)

Van Berchem, 1910, p. 29-31, n. 12.؛(Gabriel,2014,256)

نووسینی ئەم ئایەتە قورئانیە ئاماژەیە بۆ بیتنانی مزگەوتیك لەو شوێنەدا لە لایەن میر نەسروددەولە ئەحمەدی كوری مەروان كە تائێستاش ئەو مزگەوتە ئاوەدانەو كراوەیە.بڕوانە پاشكۆی ژمارە سێ.

دوای ئایەتەكە پەسنێكی فرە و پیاهەڵدانێكی زۆر كە  بەسەر میری مەروانیدا نەسروددەولە ئەحمەدی كوری مەروان لەسەر بەردەكە هەڵكۆڵراوە كە فەرمانی كردوە بە دروستكردنی ئەم مزگەوتەو ناوی ئەو كەسەش ئەم فەرمانەی جێبەجی كردوە تۆمار كراوە . وەك هاتوە

بسم الله الرحمن الرحيم هذا ما تطوع بعمله و بنائه و الإنفاق عليه تقربا إلى الله تعالى و نبيه محمد صلى الله عليه  مولانا الأمير السيد الأجل المنصور عز الاسلام سعد الدين نصر الدولة و ركن الملة و مجد الأمة شرف الأمراء أبو نصر أحمد بن مروان أطال الله في العز الدائم بقائه و جزالة سلطانه و ذلة أعدائه و جرى ذلك على يدي الأجل أبي نصر محمد بن محمد بن جهير أدام الله مكانه في ذي الحجة سنة سبع و أربعين و أربعمائة.

konyar,1936,29,؛(Gabriel,2014,256)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

ح- لەسەر بورجی نۆزدەیەم لە لای راستی دەروازەی ئورفە (ئورفە قاپی) بە خەتی کوفی نوسراوێك ماوە کە بو ساڵی ٤٥٠ك/١٠٥٧ز دەگەڕێتەوە کە وەسفی میری مەروانی نصر الدولە ئەحمەدی کوری مەروان دەکات.بەم شێوەیە:جمال الإسلام نظام الدين و نصر الدولة السيد الأجل كافي الدولة أبو (...) بن عز الاسلام أطال الله بقائه سنة خمسين و أربعمائة

(Gabriel,2014,256)

ط- لە باشوری رۆژهەلاتی شورەی دیاربەکر لە دەروازەی ماردین قاپیەوە بە دووری ٣کم پردێك لەسەر روباری دیجلە دەبینرێت لای خەڵکی ناوچەکە ناسراوە بە (پردی دە چاو) چونکە لە دە تاق و کەوان پێکهاتوە کە درێژیەکەی ١٨٠مەترە، ئەم پردە شاری دیاربەکرو پایتەختی میرنشینی مەروانی شاری فارقین/سیلڤان بەیەکەوە دەبەستێتەوە کە لە سەردەمی میری مەروانی نیزامەددین (٤٥٤-٤٨١ك) لە ساڵی ٤٥٧ك/١٠٦٥ز دروستکراوەتەوە.دوای ئەوەی لەلایەن بیزەنتیەکان رووخێنرابوو لەساڵی٣٦٤ك/ ٩٧٤ز. شایانی باسە پردەکە بەجۆرێك دروستکراوەتەوە کە تا ئەمرۆ هیچ تێکنەچوە. (beysanoğlu,2003,222)

لەرووی باشوری پردەکەو لە کەوانەی سێیەمدا لەسەر بەردێکی سپی نوسراوێکی هەڵکۆڵراو بە خەتی کوفی بەگوڵ نەخشاو چەسپێنراوە بە پردەکەوە کە لە سەری دۆعای زۆر بۆمیر نیزامەددین کراوەو ساڵی بنیاتنان و ناوی وەستای پردەکە تۆمارکراوە. لە نێوان رستەکانیش دا نەقش و جوانکاری دەبینرێت. (بروانە پاشکۆی ژمارە دوو) ئەمەش دەقی نوسراوە هەڵکۆڵراوەکەیە:

مما أمر بعمله و الإنفاق عليه مولانا الأمير السيد نظام الدين مؤيد الدولة بن عز الإسلام أطال الله بقائه و أعز نصره و دبر هداه ابتغاء ثواب الله و طلب رحمته في (...) و جرى أكثر ذلك على (يدي) القاضي أبي الحسن عبد الواحد سنة سبع وخمسين وأربعمائة و البناء يوسف بن عبيد

Van Berchem, 1910, p. 31-35, n. 13. ؛konyar,1936,31.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ی- له باشوری دەروازەی ئاو یان له باکوری دەروازەی (یەنی قاپی) بەرزترین بورج که بەرزیەکەی بیست ودوو مەترە،له لای دانیشتوانی شار به بورجی مەروانی ناو دەبرێت. (Beysanoğlu,2003,230) لەراستیدا میر نیزامەددین له ساڵی ٤٦٠ك/١٠٦٧ز بورجێکی چوارگۆشەی بنیات ناوه که له ناوەوه بۆشایی تیانیه و بۆ پشتیوانی شورەکەی دروستکردوه، له سەر دیواری ئەم بورجه لەسەر بەردێکی سپی بەخەتێکی کوفی به گوڵ نەخشین هەیه ئەم نووسینەی لەسەر نووسراوه:

- سم الله الرحمن الرحيم ما أمر بعمله الأمير الأجل السيد نظام الدين مؤيد الدولة و فخر الأمة عز الملوك أبو القاسم نصر بن عز الإسلام أطال الله بقائه و أعز نصره على يدي القاضي أبي الحسن عبد الواحد بن محمد في سنة ستين و أربعمائة

Van Berchem,1910, p. 35, n. 14.؛(Gabriel,2014,256)؛konyar,1936,35.

ك- لەناو شورەی دیاربەکر قەڵایەك هەیه که به (إیچ قەلە) ناسراوه واته (قەڵای ناوەوه)،دەرِوانێته سەر ڕوباری دیجله شوێنەوارێکی نووسراوی خەتی کوفی هەیه له سەر بەردێك که درێژیەکەی ده مەتر دەبێت، مێژووەکەی بو ساڵی ٤٦٤ك/١٠٧٢ز دەگەرێتەوه واته سەردەمی میر نیزامەددین، نووسینەکەش ئەمەیه:

بسم الله الرحمن الرحيم ما أمر بعمله الأمير السيد الأجل جمال الإسلام نظام الدين نصر الدولة عز الملوك أبو القاسم نصر بن عز الإسلام أطال الله بقائه و أعز و ذلك بنظر الوزير الأجل الأعز الكامل زعيم الدولة أبي طاهر سلامة بن ابراهيم أدام الله أيامه و جرى ذلك على يدي القاضي أبي الحسن عبد الواحد بن محمد بن عبد الواحد في سنة أربع و ستين و أربعمائة و البناء موسى بن مزيد.

(Gabriel,2014,257)

بەر له نوسینەکەش وێنەی بازو کۆترێك دەبینرێت. ناوەرۆکی نوسراوەکەش جگه له پەسن و دۆعای خێر بۆ میر نیزامەددین، ساڵی بنیاتنانی بورجەکه و ناوی وەزیر و قازی ئەو سەردەمه و تەنانەت وەستای بنیاتنەری بورجەکەش هەڵکۆڵراوه.

ل- لەسەر دەروازەی تەك قاپی که کەوتوته نێوان داغ قاپی و ئورفه قاپی لەنێوان بورجی نۆیەم و دەیەم، نوسراوێکی بەردین هەیه دەگەرێتەوه بۆ ساڵی ٤٦٥ك/١٠٧٣ز واته سەردەمی میر نیزامەددین که لەسەر بەردێك ئەمەی خوارەوه نووسراوه:

بسم الله الرحمن الرحيم مما أمر بعمله الأمير الأجل جمال الإسلام نظام الدين عز الملوك أبو القاسم نصر بن عز الإسلام أطال الله بقائه بنظر الوزير الأجل زعيم الدولة



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

أبي طاهر سلامة بن ابراهيم أدام الله أيامه على يدي القاضي أبي الحسن عبد الواحد بن محمد سنة خمس و ستين و أربعمائة و البناء موسى بن مزيد.(Gabriel,2014,257)

ئەم نوسراوە مێژووی دروستکردنی ئەو بورجەو ناوی میر و وەزیرو قازی ئەو سەردەمەی خانەدانی مەروانی و وەستای بنیاتنەریش بو مێژوو پاراستوە.

م- لە باشوری دەروازەی داغ قاپی لە بورجی پێنجەم ناسراو بە تەك بورج نوسراوێك دەبینرێت کە لەسەر بەردێکی رەش بە خەتی کوفی گوڵین هەڵکۆڵراوە. ئەم نوسراوە دەیسەلمێنێت مێژووی بنیاتنانی ئەو بورجە دەگەرێتەوە بو ساڵی ٤٧٦ك/١٠٨٣ز واتە سەردەمی دوا میری مەروانی ناسر دەولە مەنسور (بروانە پاشکۆی ژمارە پێنج) کە دەقەکەی ئەمەیە:

- بسم الله الرحمن الرحيم مما أمر بعمله و الإنفاق عليه من ماله الأمير السيد الأجل المنصور سيف الاسلام علم الدين ناصر الدولة تاج الملوك شرف الأمراء أبي المظفر منصور بن نظام الدين أعز الله نصره و جرى ذلك على يدي القاضي أبي نصر محمد بن عبد الواحد في شهور سنة ست و سبعين و أربعمائة و البناء أبو سعد بن حمص.

Van Berchem, 1910, p. 35-37, n. 15.؛(Gabriel,2014,257)؛konyar,1936,36.

لەم نەقشە بەردینەدا سەرباری دەستنیشانکردنی ساڵی بنیاتنانی بورج و پەسن و پیاهەڵدان و دۆعا بۆ میری مەروانی ناوی دادوەری شار و وەستای بنیاتنەری بورجەکە نوسراوە .

ن- لە سەر هەمان بورج واتە (تەك بورج)وێنەی شێرێك تێبینی دەکرێت، هەروەها بە خەتی کوفی نوسراوێکی هەڵکۆڵراوی کورت هەیە، دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی دوا میری خانەدانی مەروانی ناسر دەولەمەنسور (٤٧٢-٤٧٨ك/١٠٧٩-١٠٨٦ز) کە تەنها ئەمپارچەیەی لێماوە: سیف الإسلام علم الدين ناصر الدولة أبو المظفر منصور (Gabriel,2014,257)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## دووەم: لایەنی هونەری لە نووسراوە هەڵکۆڵراوەکان

ئەو نووسراوانەی میرانی مەروانی تەنها پارێزەری مێژووی شارستانی ئەو میرنشینە نیە، بەڵکو پیشاندەری لایەنێکی سەرنجکێشی هونەری خۆشنووسینە کە لەو سەردەمەدا هێندە پێشکەوتنی بەخۆیەوە دیبوو.

لەراستیدا نووسراوی پر هونەرو وێنەو زەخرەفەی بەجێماوی سەردەمی مەروانی لەسەربورجی شورەی شارودیواری مزگەوت و پرد و جێگاکانی تر، بوەتە مەیدانی کاری شوێنەوارناسان و رۆژهەڵاتناسان و تێبینی ئەوەیان کردوە سەدەی ٥ك/١١ز کە سەردەمی میرانی مەروانیە خەتخۆشی و زەخرەفەکاری لە خەتی کوفیدا گەشتۆتە قۆناغێکی زۆر پێشکەوتوو، بەڵکو نووسراوەکانی سەر شورەی دیاربەکری سەردەمی میرنشینی مەروانی بە یەکێك لە نووسراوە پێشکەوتوەکانی جیهانی ئیسلامی ئەژمار دەکرێت. (یوسف،٢٩٠،٢٠٠١)

یەك لەو رۆژهەڵاتناسانەی لەسەر لایەنی هونەری ئەم نووسینانە هەڵوێستەی کردوە رۆژهەڵاتناس ماکس ڤان بەرشەمپسپۆری نەقش و نووسینە ئیسلامیەکانە وخاوەنی کتێبی (AMİDA)کە بوویە سەرچاوەیەکی رەسەن بۆ مێژووی شارستانیەتی دیاربەکر. هەروەها رۆژهەڵاتناس س. فلوری لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠-١٩٢٢ هەستاوە بە کارێکی بەراوردکاری لە نێوان شوێنەوارە نووسراوەکانی دیاربەکرو شارەکانی قاهیرەو قەیرەوان، لە ئەنجامدا سەرسامی خۆی تۆمارکردوە لەو نووسراوە پڕهونەرەی دیاربەکری سەردەمی مەروانی بەجوانترو پرهونەرتری دیوە لەوەی لەلایەکی دیکە هەیە، چونکە بەلای ئەوەوە نووسینە زەخرەفەدارەکەی شاری دیاربەکری سەردەمی خانەدانی مەروانی پێمان دەڵێت: رۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامی خەت و هونەرێکی بەرهەم هێناوە لەرۆژئاوای ئەو جیهانەدا هاووێنەی نیە. بۆیە شاری دیاربەکر گونجاوترین شاری جیهانی ئیسلامە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر هونەری نووسینی خەتی کوفی(یوسف،٢٩٢،٢٠٠١).

لەپاڵ خەتی کوفی و زەخرەفەی سەر ئەم بەردانە وێنەی ئاژەڵی وەك شێر و پڵنگ و وێنەی باڵندەی وەك کوندەپەپو و بازو کۆتر تایبەتمەندیەکی ئەم شوێنەوارە نووسراوانەن بە جۆرێك توێژەرێك بڕوای وایە ((ئەم جوانکاریانە بە وێنەی ئاژەڵ تایبەتمەندیەکی رەسەنی نووسراوی دۆستەکیەکانە و تایبەتمەندی و داهێنانێکی بێوێنەی هونەریە کە دۆستەکیەکان بۆ یەکەم جار هێناویانەتە ناو نووسینی کوفی زەخرەفەدار)) (هەمان سەرچاوە،٢٩٢،٢٠٠١)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## ئەنجام:

دوای ئاماژەكردن بە مێژووی شاری دیاربەكرو مێژووی خانەدانی مەروانی و وەستان و ڕامان لەسەر ئەو شوێنەوارە نووسراوانەی دەگەرێنەوە بۆ قۆناغی حوكمڕانی خانەدانی مەروانی دەگەینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

**یەكەم:** شاری دیاربەكر قۆناغی مێژوویی جیاوازی بەخۆوە دیوە و، خانەدانی مەروانی یەكێكە لەو بنەماڵە فەرمانڕەوا كوردیە خۆجێیانەی كە سەردەمی فەرمانرەواییان بۆناوچەكە بەسەردەمێكی گەشەسەندن و بنیاتنان و خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی دەژمێردرێت.

**دووەم:** ئەو بەشداریە شارستانیەی مەروانیەكان پێشكەشیان كردوە بە ناوچەكەو شاری دیاربەكر لە هەموو سەردەمەكانی پێش خۆیان و دوا خۆشیان زیاترە، بەبەڵگەی زۆری ژمارەی ئەو شوێنەوارە نووسراوانەی لەشارەكەدا بۆ مێژوو بەجێیان هێشتووە، بە بەراورد بە نووسراوی بەجێماوی حوكمڕانانی پێش مەروانی دوای مەروانی.

**سێیەم:** ئەو شوێنەوارە نووسراوانە بەڵگەی بەهێزن بۆ جێدەست و هەستی شاردۆستی و ئاوەدانی و هونەری خەتخۆشی لەلای خانەدانی مەروانیەكان كە بەر لەهەزار ساڵ حوكمرانی ناوچەكە بوون.

**چوارەم:** خانەدانی مەروانی زۆر جێگەیان لەشورەی دیاربەكر نۆژەنكردۆتەوە و نووسینیان لەتەنیشت نووسیوە، بەڵام ئەوەی بۆ مێژوونووسانی ئەم مەیدانە روون بوەتەوە كۆی نووسراوەكانی سەردەمی مەروانی چواردە دانەن. شایانی باسە یازدە دانە لەو نوسراوانە لە سەردەمی میر نەسرودەولەو میرنیزامەددینی كوڕییدا ئەنجام دراون. لەرووی هونەریەوە هەمووی بەخەتی كوفی نووسراوەو بەشێكیان لەسەر بەردی سپی هەر لەدوورەوە لەناو دیوارە رەشەكەدا دیارەو بەشێكیشی لەسەر بەردی رەش هەڵكۆڵراوە.

**پێنجەم:** ناوەڕۆكی نووسراوەكان یاخود ئایەتێكی قورئانی پیرۆزە، یاخود نووسینی ناوی ئەو میرە مەروانیەیە كە فەرمانی كردوە بەدروستكردن یاخود نۆژەنكردنەوەی بورجێك، ئەمە جگە لە پەسن و پیاهەڵدان بەشان و شكۆی میردا، لە پاڵیشیدا دۆعای خێریشی تێدایە بۆ میر. هەندێك جاریش ناوی سەرپەرشتیاری كارەكە نوسراوە، كە زۆربەی جار دادوەری شار بوە، هەندێك جاریش وەستای جێبەجێكاریش ناوی نووسراوە.

**شەشەم:** رۆژهەڵاتناسان و هەوادارنی مێژووی شاری دیاربەكر پێشەنگن لە وێنەگرتن و پاراستن و خوێندنەوەی ئەو نووسراوانە، بەجۆرێك توانیان ئەوەی ماوە لەنەقش و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

نووسین بیپارێزن. چونکە توێژەری هاوچەرخ بەهۆی ئەو گۆرانکاریانەی هاتون بەسەر بەشێکی ئەو نووسراوانەدا ئەستەمە بتوانێت وەك ئەوەی هەبوە بەر لەسەد ساڵ بیخوێنێتەوە.

**حەوتەم:** بۆ ئەوەی ئەم نووسراوو نەقشانە بەتەواوەتی بپارێزرێن گەشتیارانیش زیاتر پێی ئاشنا ببن پێویستە لە تەنیشت هەر نووسراوێك بەخەتی ئەم سەردەمە ئەو نووسراوانە نمایش بکرێن، هەروەکو چۆن لە مۆزەخانەکاندا ئەم روونکردنەوەو خزمەتە بە گەشتیاران دەدرێت، چونکە ئەم شارە خۆی مۆزەخانەیەکی کراوەیە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### بە کوردی:


ئاکۆ بورهان محمد، ٢٠١٨.

١. میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەبباسی،هەولێر.

ئیبنو ئەزرەقی فارقی (ت٥٧٢ك/١١٧٦ز)، ٢٠٠٧

٢. مێژووی میافارقین و ئامەد، وەرگێرانی لەعەرەبیەوە: قادر محمد پشدەری ئاکۆ بورهان محمد،هەولێر.

Mihemed Emin Zeki Beg,2012

3. Diroka kurd u kurdistane,Avesta,Stembol.


### بە زمانی عەرەبی:


ابن الاثير، عزالدين ابي الحسن بن محمد الجزري (ت٦٣٠هـ/١٢٣٢م)، ١٩٧٧.

٤. الكامل في التاريخ، تحقيق: عمرعبدالسلام التدمري، بيروت.

ابو الفداء، عمادالدين اسماعيل بن علي الايوبي، (ت٧٣٢هـ/١٣٣١م)،١٨٤٠، ١٩٧٧

٥. تقويم البلدان، المطبعة السلطانية، باريس،١٨٤٠.

٦. المختصر في اخبار البشر، دار الكتب العلميه، بيروت،١٩٧٧.

عبدالرقيب يوسف،٢٠٠١

٧. الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى، دار آراس للطباعة، اربيل.

عدنان خوجه،٢٠٠٨

٨. العصر الذهبي للدولة المروانية في ميافارقين نصر الدولة أحمد بن مروان في المصادر العربية، بحث منشور في وقائع مؤتمر الدولي سيلفان،ماردين.

محمود ياسين التكريتي،١٩٧٠

٩. الامارة المروانية في دياربكر والجزيرة، رساله ماجستير غير منشورة، جامعه بغداد، كلية الاداب. ناصر خسرو (ت٤٨١هـ/١٠٨٨م)،١٩٩٣

١٠. سفرنامة، ترجمة وتحقيق: يحيى الخشاب، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.

Huart,C.I., 1969

١١. مادة دياربكر،دائرة المعارف الاسلامية، المجلد ٩،القاهرة.

## بەزمانی تورکی:

Albert Gabriel,2014

12.Şarki Türkiede Arkeolojik Geziler, çeviren. Idil Çetin,Ankara.

Basri Konyar,1936

13.Diyarbakir Kitabeleri,cilt2,Ulus Basımevi.

Canan PARLA,Orhan Cezmi TUNCER,2016

14.Yazitları ve Betimlemeleriyle Diyarbakir Surları,Ankara, 2016.

Savcı, Suleyman,1938-1939

15. Diyarbekir Kitabeleri, Karacadağ Mecmuası,Yıl1-2,

Şevket Beysanoğlu,2003

16. Diyarbakır Tarihi,Ankara.

Orhan Cezmi TUNER,2013

17. Diyarbakır Surları,Ankara.

Thomas Ripper,2012

18. Diyarbekir Merwanileri Islami ortaçağda Bir kürt Hanedanı, çeviren.Bahar Şahin Fırat,Istanbul.

Abdürrahim Tufantoz,1994

19. Mervanoğulları: 380-478/990-1085 (doktora tezi), MÜ Türkiyat Araştırmaları Enstitüsü

## بەزمانی فەرەنسی

Van Berchem, Max, Josef Strzygowski, and Gertude Ma

rgaret Lowthian Bell,1910

20. Amida. Heidelberg: Carl Winter’s Universitätsbuchhandlung.

## پاشکۆکان:



پاشکۆی یەکەم: ئەو شوێنانەی ناو شورەی دیاربەکر کە شوێنەواری سەردەمی مەروانی لەسەرە لەناو بازنە کراوە.



پاشکۆی دووەم: پردی دەچاو و شوێنەواری نوسراوی مەروانی لەسەری




مزگەوتی مەروانی



پاشكۆی سێیەم: دەقی ئایەتی لەسەر دیواری مزگەوتی مەروانی



پاشكۆی چوارەم: بەرلەوەی بەردەكانی بكەوێت



پاشكۆی چوارەم : ئەو پارچەیەی كە ماوە لەسەر بورجی ژمارە ٥٢.



پاشکۆی پێنجەم وێنەی تەك بورج



پاشکۆی پێنجەم نوسراوی سەر تەك بورج



پاشکۆی شەشەم: نوسراوی سەر دەروازەی تەك قاپی



پاشکۆی حەوتەم : نوسراوی سەر بورجی ژمارە ٥٥



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی



پاشکۆی هەشتەم: نوسراوی سەر بورجی ژمارە ٦٠



پاشکۆی نۆیەم: نوسراوی بورجی ژمارە ٦٢





پاشکۆی دەیەم: نوسراوی سەر بورجی ژمارە ٦٢

## پەراوێز:

[٧] بروانە وێنەی نەخشەی شورەی شارەکە لە پاشکۆی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە.

[٨] بۆ زانیاری زیاتر بروانە: فارقی،مێژووی میافارقین و ئامەد،٢٠٠٧، محمود ياسين التكريتی، الامارة المروانية في دياربكر والجزيرة،١٩٧٠؛عبدالرقيب يوسف، الدوله الدوستكيه في كردستان الوسطى،٢٠٠١،ئاکۆ بورهان محمد، میرنشینە کوردیەکانی سەردەمی عەباسی،ل١٠٥-١٥٩. Abdürrahim Tufantoz, Mervanoğulları: 380-478/990-1085 (doktora tezi, 1994), MÜ Türkiyat Araştırmaları Enstitüsü؛ Thomas Ripper, Diyarbekir Merwanileri,2012

[٩] لەوانە نوسەر سولەیمان ساوجی (١٨٩١-١٩٤٥ز) خوێندنەوەیەکی کردوە بۆ ئەو نووسینانە لە کۆڤارێکدا بەناوی قەرەجە داغ لە سالی (١٩٣٨-١٩٣٩ز) بلاوی کردۆتەوە. هەروەها شەوکەت بەیسان اوغلو (١٩٢٠-٢٠٠٣ز) لەکاتی نووسینی مێژووی دیاربەکر بەشێکی کتێبەکەی لەسەر مێژووی دیاربەکر بۆ شوێنەوارە نوسراوەکانی تەرخان کردوە. هەروەها ئۆرهان تۆنجەر (١٩٣١-؟) کتێبێکی تایبەتی بۆ شورەی دیاربەکر داناوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# الآثار المكتوبة للمروانيين في دياربكر

**الملخص:**

اتخذ تاريخ مدينة دياربكر وكذلك تاريخ المروانيين في تلك المدينة وما حولها مكانة واسعة في المصادر التاريخية الاسلاميه والحديثة، أي ان المؤرخين والرحالة المسلمين وكذلك المستشرقين من بعدهم والمهتمين المحليين بتاريخ دياربكر قد اهتموا اهتماما لائقا بما تركه المروانيون من أعمال عمرانية وكتابات منقوشة على سور دياربكر، حيث قاموا بالبحث والتدقيق لجميع تلك المنقوشات العائدة للعصور المختلفة كل على حدة.

ففي هذا البحث المعنون (الآثار المكتوبة للمروانيين في دياربكر) يسلط الضوء على تلك الكتابات والمنقوشات التي ثبتت انها تعود للأسرة المروانية التي حكمت دياربكر وما حولها بين (٣٧٣-٤٨٩هـ-٩٨٣-١٠٩٦م). ولأجل الوصول الى ذلك الهدف تم تقسيم البحث الى محورين، ففي المحور الأول تم التعريف بتاريخ مختصر لمدينة دياربكر وللأسرة المروانية الحاكمة. وفي المحور الثاني تم التطرقالى نقوش وكتابات تلك الأسرة الحاكمة حسب التسلسل الزمني لها.

وقد ثبت للمؤرخين والمحققين ولكاتب هذا البحث كذلك، ان مجموع الكتابات المنقوشة التي تعود للعهد المرواني سواء في سور دياربكر أوعلى الجسر المبني على نهر دجلة بالقرب من المدينة، تصل الى أربعة عشر أثرا. وأن تلك المكتوبات المنقوشة بمثابة توقيع وختم للمروانيين على أعمالهم الحضارية. كما تظهر تلك الكتابات النضج الذي وصل اليه الخط الكوفي آنذاك، فضلا ان محتوى تلك الكتابات تدل على الموروث الثقافي لذلك العصر.

**الكلمات الدالة:** *دياربكر، الاسرة المروانية، الآثار المكتوبة، فن الخط الكوفي،إقليم الجزيرة*

## The Remnant Written of the Merwanid Dynasty in Diyarbakir


**Abstract:**

The history of Diyarbakir, as well as the history of the MerwanidDynasty in that city and its environs, took a wide place in medieval and modern historical sources, meaning that Muslim historians and travelers, as well as orientalists after them and the local interested in the history of Diyarbakir, have given proper attention to what the Merwanid Dynasty left from the architectural works and writings inscribed on the Diyarbakir wall, where They researched and checked all those engravings of different eras separately.

In this research entitled (The RemnantWritten of the Merwanid Dynasty in Diyarbakir), it highlights these writings and engravings that have proven to belong to the Merwanid dynasty that ruled Diyarbakir and its environs for a century between the years (373-489AH-984-1096AD). In order to reach that goal, the research was divided into two axes. In the first axis, a brief history of the city of Diyarbakir and the ruling family known as the Merwani. In the second axis, the written effects of that Dynasty were read in chronological order.

As a result, it has been proven to historians, investigators, and this research author as well, that the number of written and inscriptions dating back to theMerwanid period, whether in the Diyarbakir wall or on the bridge built on the Tigris River near the city, reaches fourteen monuments. And that these written and inscriptions are a signature and stamp of the Merwanid on their civilizational works. These engravings also show the artistic level reached by the Kufic script at the time, as well as the content of these writings indicates the cultural heritage of that era.



**Keywords:** *Diyarbekir, Merwanid Dynasty,Remnantwritten, Kufic Art,Al-Jazeera Province*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی